# ئەمن کوردی مەردم    ئەحمەد دەشتی

برا پێت بێژم ئەمن کوردێکم
بێ مافی ژین و خاوەن خاکێم



لەت لەت و پارە کراوە لانەم
ژێردەست وبێ بەشمنملەم ژیانەم
زۆر لە مێژ سالە دەچەوسێمەوە
ماڵم وێرانەو دەمتوێنەنەوە
داگیر کراوە لانەی ژیانم
بێ بەش کراوم لە کوردستانم
دەمەوێ بژیم لە ناو لانەی خۆم
ڕزگارو ئازاد لە ناو خاکی خۆم
منیش خاوەنی نیشتمانم بم
سەربەخۆ بژیم و  منیش ڕەها بم
دەمەوێ منیش کیانم هەبێ
چارەنوسی خۆم لەدەستیخۆم بێ

وەك هەموو گەلان خەندان و ئازاد
لەناو مالی خۆم بگرم جەژنی شاد
دەولەت و ئالای کوردستانم بێ
خاکی پێشکەوتوو و ئاوەدانم بێ
بەلام چی بکەم چی داوا دەکەم
بۆم نالوێت وهەر خەم باردەکەم
پێم دەلێن ئەتۆ کوردی مرۆ نی
دەبێ بکوژرێی شایستەی ژین نی
کور دەبێ بژی لە ژێر دەستان دا
دوژمنانی کورد وایان بڕیاردا
عارەب و تورک و عەجەم ئاغا بن
خاوەن بڕیاری چارە نووسم بن
گەر ئەمن بڵێم مافی خۆم دەوێ
پێم دەڵێن ئەتۆ مەرگیخۆت دەوێ
بێ بەشلەژیانیماڵی خۆم دەکەن
بڕیاری مردن و نەمانم دەدەن
وەک سەگەل دێن و خوێنم دمژن
ناکەس ونامەردبە زۆر دەمنێژن
زۆر دڕندانە پەلامار دەدەن
بە هەزار هەزار لە ناوم دەبەن
لە ناو ماڵی خۆم دەمچەوسێننەوە
بە جینۆ سائید دەمبڕێننەوە
مافی پەیڤینم بە کوردی نیە
خوێندن و نوسین بە زمانم نیە
فەرهەنگ و ناوو ناتۆرەم دزرا
هەرچێ کەهەم بوو بە تالان برا
هاتن دڕندەو دوژمنی تەرەس
بێ بەشیان کردم لە ژینم ناکەس
لەوەتی هەمە دەچەوسێمەوە
لە ناو ماڵێ خۆم دەمبڕێننەوە
دەبێ چی دوژمن داینا من وابم

ئەگەرنا دەبێ مێوان مەرگ بم
ئەنقەرە وشام و بەغداوو تاران
یەکتری دەگرن لەڕێی کورد قڕان
بە ناوی خودا لە ناوم دەبەن
بەسوڕەی ئەنفال گیانم دەردەکەن
خوێنی خاکی کورد بەگوڕ دەڕێژن
تەرمی هەزاران کوردم دەنێژن
لەهەرچوار لاوە دەورەیان گرتووم
داگیرکەرانمان داغونیان کردووم
لەناوماڵی خۆم مافم خوراوە
چونکە من کوردم بەشم نەماوە
ڕۆمیان و تازی وعەجەم پێکەوە
زۆر لە مێژ سالە دەمبڕێننەوە
سێ گورگی سۆرو ڕەش و بۆرەنە
پێکەوە ئەوان وا کورد خۆرەنە
تەعریب کراوە خاك وگوندەکەم
داگیر کراوە شاری دڵەکەم
کەرت کەرت وپارە کراوە خاکیمن
بێ سەرو شوێنن باوک و برای من
ئای پەرێشان و جەستە پڕ برینم
ساڵەهای ساڵە چاو پڕ گرینم
شارو گوندەکەم لێ داگیر کرواه
بەناوی دینیان تەعریب کراوە
ساڵەهای ساڵە بێ هۆشیان کردووم
هەرچیکەهەمەلێیان زەوتکردووم
کوردینە وەرن دوژمن نەفرین کەین
پێکەوەخاکی خۆ ڕزگاربکەین
بەگیانی پاکی یەکگرتنی کورد
با چاک بزانیین دوژمنانمان مرد
پەرچەمیکوردو کوردستانی من
دەشەکێتەوە لە جیهانی من

کێ کە نەیارە تفیان لەڕوو کەین
ڕویان ڕەشتر و نەفرینیان بکەین
دەبێ وریا بین لەم ڕۆژگارە
کەوا ئەمڕۆکە هەڵمان لە بارە
وا نەکەین چیتر دوژمن بێنەوە
بە گازی خەردەل کورد ببڕێننەوە
گەر وریانەبین خۆ چارە ڕەشم
لە ناو ماڵی خۆم لە ژین بێ بەشم
بۆ دوژمننابێ خۆمان لە یاد کەین
هاوکاری لە گەل نەیاران بکەین
دەباهەمومان‌دەست لەناودەستبین
بۆیەکتر گوڵ بین تاسەر بەخۆ بین
پێکەوە خەریک ماڵی کوردان بین
لە گەل دوژمن دا با هاوڕێ نەبین
پەیڤ و کردار و ڕامانی جوان
بکەین بەپیشەی ڕێگەی کوردستان
نەفرین لە دوژمن نەفرین لەدوژمن
نەفرین لەپەست و خائین و کرمن
پێکەوە بلێین بژی کوردستان
بمرن خائین و نەیار و پەستان
ئەوسا ڕزگارو سەربەخۆ دەبین
خاوەنی ئاڵاو کوردستان دەبین
لەناوئەتلەسان‌نەخشەی کوردستان
دەدرەوشێتەوە لە هەموو جیهان
کوردیش‌وەک گەلاسەربەخۆو ئازاد
لەسەرخاکێ خۆی دەژی‌بەدڵی شاد
ئەسپی هونەرو زانست تاو دەدەین
چاوی دوژمن و نەیارکوێر دەکەین
بە تەکنەلۆژیای کوردو کوردستان
پێش‌دەخەین‌خاکی جوانی نیشتمان
لە کوردستانی بەهەشتی کوردان

ناومان دەردەکەین دڵشادو خەندان
بەهەستی بەرزو زانســـت و زانـین
با بپـارێزم کوردســــــتان زەمین
پشـــــووی دوژمن و داگیرکەرانـم
ببـڕین هەمیشە  لە کوردســــتانم
بەگیان وبە دڵ بۆسەر لوتکەی ژین
یەکتری بگرین دوژمنـــــان دەدڕین
با ئاڵای کوردیش بشـــــەکێتەوە
لە جیـــهان کوردیش دەنگ باتەوە
هەزاران هەزار چەپکە گوڵی جوان
دادەنێیین لە سەر گلکۆی شەهیدان
*

---